وەزارەتی ناوخۆ

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

ڕاپۆرت:

# بارودۆخی خوێندن بۆ قوتابیانی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستان

ڕاپۆرتی ژمارە (٢٤)

لە ڕێکەوتی ٢٧ ئاداری ٢٠١٩

## پێشەکی:

شەڕی ناوخۆی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ بووە هۆی دەربەدەربوون و ئاوارەبونی ملێونان هاوڵاتی و گەڕانیان بە دوای پەناگەی ئارام لە وڵاتانی دراوسێ، یەکێ لەو شوێنانە هەرێمی کوردستان بوو. نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) پەنابەری سووری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوو و ئەمەش بەهۆی پێشوازی هەرێم و سەقامگیری ئاسایش بوە کە وایکردوەتاکو ئێستا بمێننەوە، لە ٣٧٪ پەنابەران لە (٩) کەمپ لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر و دهۆک و سلێمانی) جێگیر بوون و ژمارەیەکی زۆری پەنابەران لە دەرەوەی کەمپەکان و لە ناو شار و تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەژین.

بەهۆی قەیرانە بەردەوامەکانەوە تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سنورداربووە بەتایبەت لە کەرتی پەروەردە، کە ژمارەی قوتابخانە و مامۆستاکان کەمی کردووە و پۆلەکانی خوێندن قەرەباڵغ بوون. ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکان درێژکراوەتەوە و دەوامی خوێندن بۆ سێ یان چوار بەش دابەش بووە، کە قوتابیان دەتوانن چەند سەعاتێکی کەم وانە وەربگرن. وا خملێندراوە کە لە ٣٤٪ پەنابەرانی سوری منداڵی تەمەن ١ مانگ بۆ ١١ ساڵن و زۆربەیان ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان گونجاوە بۆ خوێندن. بەڵام تەنها لە ٣٨٪ منداڵەکان کە لە نێوان ٦-١٢ ساڵ خۆیان تۆمارکردووە بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان، بەپێ ئاماری بەردەست (٣٢،١٩٨) منداڵی پەنابەری سوری ناونوسکراون لە قوتابخانەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆربەیان خۆیان تۆمارنەکردووە لە قوتابخانەکان لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز وەکو نرخی هاتووچۆ و بارودۆخی دارایی خێزانەکانیان و کارکردن و کێشەی زمان یان کەمی شوێن، کەمی کەل و پەلی فێرکاری وەکو پەرتووک و پێداویستی پەڕاوگە بە بەردەوامی کاریگەری هەبووە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن لە کەمپەکانی پەنابەران.

سەرەڕای کەمی بودجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی پشتگیری پرۆسەی خوێندی کردووە بۆ پەنابەرە سورییەکان. بۆ نمونە، دەوامی دووەم لە زۆربەی قوتابخانەکان تەرخانکراوە بۆ قوتابیانی پەنابەر، موچەی مامۆستایانیش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دابین دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان زەوی دابینکردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانە بۆ قوتابیانی پەنابەر و چەندین قوتابخانەی دروستکردووە.

هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی ئابووری ڕووبەرووی چەندین گرفت بووەوتەوە لە پرۆسەی خوێندندا لەوانەش سنورداری لە توانای وەرگرتنی مامۆستایان، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای پێدانی موچەی هاندانی بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی تایبەت بە پەنابەران نەماوە هەروەها تەرخانکردنی پارە بۆ کڕینی پەرتووک و پەڕاو و کەل و پەلی قوتابخانەکانی منداڵانی پەنابەران.

کاری هەرە لە پێشینەی حکومەتی هەرێم لە بواری ژێرخانی پەروەردەیی بریتی بوو لە (نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و دروستکردن و فراوانکردنی پۆلەکان)، هەروەها لە هەمان کاتدا پێویستە گرنگی بدرێت بە دامەزراندنی مامۆستایان و دابینکردنی موچە و پەرتوکی پێویست هەورەها کێشەی زمان لە قوتابخانەکان چارەسەربکرێت و سەلامەتی و پاراستنی منداڵان

دڵنیا بکرێتەوە. هەر لەم بارەیەوە مانگانە نزیکەی (٣) ملیۆن دۆلار پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی خوێندن بۆ ئەو منداڵە پەنابەرانەی کە تەمەنیان گونجاوە بۆ خوێندن.

لە ئێستادا، (٢٤٩،٢٩٣) پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و لە (٣٧٪) یان لە کەمپەکانی پەنابەران دەژین و بەشەکەی تریان لە ناو شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی لەگەڵ هاوڵاتیان دەژین.

### ژمارەی پەنابەران لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان:

| ناوی پارێزگاکان | شوێن | | ژمارەی کەس | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ناوەوەی کەمپ | باسرمە | ٢،٨٦٣ | ١٢٨،٥٠٥ |
| | | دارەشەکران | ١١،٧٦٩ | |
| | | کەورگۆسک | ٧،٧٨٨ | |
| | | قوشتەپە | ٨،١٢٨ | |
| | دەرەوەی کەمپ | ناوەندی شار و ناوچەکانی دەوروبەری | ٩٧،٩٥٧ | |
| دهۆک | ناوەوەی کەمپ | ئاکرێ | ١،١٠٢ | ٨٨،٤٤٧ |
| | | دۆمیز ١ | ٣٣،٩٧٧ | |
| | | دۆمیز ٢ | ١٠،٥٧٤ | |
| | | گەویلان | ٨،٩٣٤ | |
| | دەرەوەی کەمپ | ناوەندی شار و ناوچەکانی دەوروبەری | ٣٣،٨٦١ | |
| سلێمانی | ناوەوەی کەمپ | عەربەت | ٨،٩٤٠ | ٣٢،٣٤١ |
| | دەرەوەی کەمپ | ناوەندی شار و ناوچەکانی دەوروبەری | ٢٣،٤٠١ | |
| کۆی گشتی | | | | ٢٤٩،٢٩٣ کەس |

## کەرتی پەروەردە بۆ منداڵانی پەنابەرانی سوری:

کەرتی پەروەردە وەکو هەموو کەرتە خزمەتگوزاریەکانی تر دووچاری کەم و کورتی بووە دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە و پەنابەر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دابینکردنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن بۆ منداڵانی هەرێم بووەتە نیگەرانیەکی گەورە و هەروەها کەمی ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەرتی پەروەردە. هەرچەندە هەردوو ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان ( UNICEF و UNESCO) هاوکاربوونە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارگرانیە لەسەر شانی حکومەتی هەرێم و ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە کەرتی پەروەردەدا هەبوە و ژینگەیەکی لەباریان ڕەخساندووە بۆ منداڵانی پەنابەری سوری تاوەکو خۆیان تۆماربکەن لە قوتابخانەکان بە دابینکردنی پشتگیری دارایی و تەکنیکی بۆیان. بەڵام هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٨ هەردوو ڕێکخراوەکە ڕایانگەیاند کە بۆ ساڵی نوێ گرێبەستی مامۆستایان نوێ ناکەنەوە و ئەوەش کاریگەری زۆر نەرێنی دەبێت لەسەر خوێندن بۆ پەنابەران و

ژمارەیەک زۆری مامۆستا و کارمەند و مامۆستای خۆبەخشە بەبێ بوونی مووچە یان پارەی هاندان ناتوانن بەردەوامبن لە وانەوتنەوە بە قوتابیانی پەنابەر لە قوتابخانەکان، کە ئەمەش ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر قوتابیان و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەیان بەبەش بن خوێندن.

بە گوێرەوی دوا ئامار لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم مووچە بۆ (٨١) مامۆستای هەمیشەیی و (٣٠٢) مامۆستای گرێبەست دابین دەکات لە (٥٥) قوتابخانە کە قوتابیانی پەنابەرانی سوری تێدا دەخوێنن. هاوبەشەکان (UNICEF و UNESCO) مووچەیان بۆ (١٢٤٠) مامۆستا و فەرمانبەر دابینکردووە. لە خشتەکانی خوارەوە ژمارەی قوتابی پەنابەر و مامۆستا لە سێ پارێزگای هەرێم ڕوونکراوەتەوە. و بڕی بودجەی خەملێندراو بۆ موچەی مانگانەی مامۆستایان و خۆبەخشەکان (٢,٩) ملیۆن دۆلارە.

دامەزراندنی مامۆستایان و دابینکردنی مووچە پەرتووک و دەفتەر و چارەسەرکردنی کێشەی زمان و دابینکردنی سەلامەتی و پاراستنی منداڵان و چاککردنەوەی بیناکانی خوێندن (وەکو نوژەنکردنەوە و قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و فراوانکردنی پۆلەکان) لە کاری لە پێشینەی حکومەت بوونە.

## کۆتایی:

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پشتگیری بەردەوامی ڕێکخراوەکان و لایەنە نێودەوڵەتیەکان هەیە لە ڕووی دارایی و تەکنیکیەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە بەردەوام مووچە و پارەی هاندان بۆ مامۆستا و خۆبەخشەکان دابین بکات کە وانە بە قوتابیانی پەنابەری سوری دەڵێنەوە بۆ ئەوەی بە بەردەوام دەرگای ناوەندەکانی خوێندن کراوە بێت و لە دابین کردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ قوتابیانی پەکی نەکەوێت. لە کەرتی پەروەردە چەندین کاری لە پێشینە هەیە دەبێت بۆ قوتابیانی پەنابەری سوری دابین بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی ببنە نەوەیەکی دوورە پەرێز و نامۆ لە کۆمەڵگا. بۆ ئەم مەبستە کاری لە پێشینەکان لەم بوارە ئەمانەن:-

1- دابینکردنی مووچە و پارەی هاندان بۆ مامۆستایان و خۆبەخشەکان و فەرمانبەران لە قوتابخانەکانی پەنابەران.
2- پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی بەو خێزانانەی کە کەمدەرامەت و هەژارن تاکو ببێتە سەرچاوەی داهات بۆیان و بتوانن منداڵاکانیان لە خوێندن بەردەوام بن.
3- دابین کردنی یارمەتی دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵاکانیان دەخوێنن و بەردەوام دەبن.
4- دابین کردنی کەل و پەلی خوێندنگاکان بۆ قوتابیان تاوەکو تێچووی خوێندن لەسەریان کەم ببێتەوە وەکو دابین کردنی پارەی هاتووچۆ و جل و بەرگی قوتابخانە و کەل و پەلی خوێندن و هتد.
5- چاککردنی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن تاوەکو هانی ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بدرێت بۆ منداڵان کە خۆیان ناونوس بکەن و بەردەوام بن لە قوتابخانە.

6- ڕەخساندنی هەلی خوێندن و پڕوگرامی تایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانە بۆ چەند مانگ یان ساڵ لە قوتابخانە دابڕاون.
7- ڕەخساندنی خوولی پێگەیاندن و خوولی پیشەیی وەکو دوورمان و پڕۆگرامی گونجاو بۆ ماموستایان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیانس.

بەبێ هاوکاری و وەڵامدانەوەی خێرا لەلایەن وولاتە بەخشەرەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ دابینکردنی بودجە و هاوکاری ڕاستەوخۆی تەکنیکی و کەل و پەلی پێویست بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەترسیەکی گەورە لە ئارادایە کە قوتابخانەکان دابخرێن و قوتابیانیش نەتوانن چیتر بەردەوام بن لە خوێندن و منداڵ تازەکان نەتوانن دەست بە خوێندن بکەن.

## خشتەی (١): ژمارەی قوتابیان و مامۆستا و فەرمانبەران لە قوتابخانەی پەنابەران لە پارێزگای هەولێر

| ژمارە | ناوی قوتابخانە | شوێن | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | | ژمارەی فەرمانبەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | مامۆستای گرێبەست | گرێبەستی UNICEF | | |
| ١ | کۆبانێ بنەڕەتی | هەولێر | ١١٠٧ | / | ٣١ | ٤ | |
| ٢ | رووباری بنەڕەتی | هەولێر | ٦٥٤ | / | ١٧ | ٣ | |
| ٣ | أسماعیل بێشکچی | هەولێر | ٤٥٢ | / | ١٩ | ٤ | |
| ٤ | پێشمەرگەی بنەڕەتی | هەولێر – بەحرکە | ١١٦٤ | / | ١٨ | / | |
| ٥ | ڤانی بنەڕەتی | دەوروبەری هەولێر | ٩٧٠ | / | ١٩ | ٣ | |
| ٦ | ژینیاری بنەڕەتی | دەوروبەری هەولێر- پیرزین | ٢٦٣ | / | ١٢ | ٢ | |
| ٧ | خاپووری بنەڕەتی | دەوروبەری هەولێر –تورەق | ٤٣٣ | / | ١٠ | ٣ | |
| ٨ | باخچە رۆژئاوا | شەقڵاوە | ٢٠٧ | / | ٨ | ٧ | |
| ٩ | رۆژئاوای بنەڕەتی | شەقڵاوە - کەمپی باسرمە | ٧٩٣ | ١٧ | ٣١ | ٤ | |
| ١٠ | کەمپی کەورگۆسکی بنەڕەتی | خەبات | ١٤٥٤ | ٤٩ | ٤٩ | ١٦ | |
| ١١ | کەمپی دارەشەکرانی بنەڕەتی | خەبات | ١٤٨٣ | ١٦ | ٦٣ | ٢ | |
| ١٢ | باخچەی دارەشەکران | خەبات | / | / | ١١ | ٢ | |
| ١٣ | پەروەری بنەڕەتی | خەبات | ١١٩٣ | ١٠ | ٢٧ | ٢ | |
| ١٤ | باخچەی روانگە | خەبات | ٢٢٤ | / | ١٣ | ٢ | |
| ١٥ | قامشلی بنەڕەتی | کەمپی قوشتەپە | ١٨١٥ | ١٦ | ٥٥ | ٨ | |
| ١٦ | باخچەی قامشلی | کەمپی قوشتەپە | ١٧٨ | / | ٤ | ٤ | |
| ١٧ | بدرخان بنەڕەتی | دەشتی هەولێر | ٦٥٢ | / | ٣٦ | ٤ | |
| ١٨ | گرێ سپی بنەڕەتی | دەشتی هەولێر | ٢٦٤ | / | ١٧ | ٤ | |
| ١٩ | دێرۆکی بنەڕەتی | دەشتی هەولێر | ٧٧٨ | / | ٣٦ | ٢ | |
| ٢٠ | سەری کانی بنەڕەتی | دەشتی هەولێر | ٢٠٥ | / | ١٦ | ١ | |
| ٢١ | رۆندکی بنەڕەتی | دەشتی هەولێر | ٢٢٦ | / | ١٥ | ٣ | |
| ٢٢ | هامونی بنەڕەتی | کۆیە | ٢٠٧ | / | ١٨ | ٢ | |
| ٢٣ | تەق تەق بنەڕەتی | کۆیە | ٣٥٩ | / | / | ٢ | |
| ٢٤ | ئامادەیی ئاماد | کۆیە | ١٦٢ | / | / | / | |
| ٢٥ | ئامادەیی جگەر خوێن | خەبات | ٢٣٠ | / | / | ١ | |
| ٢٦ | ئامادەیی یارانی تێکەلاو | خەبات | ٣٥٨ | / | / | ١ | |
| ٢٧ | ئامادەیی رۆژ ئاوا | خەبات | ٨٥ | ٢ | / | / | |
| ٢٨ | ئامادەیی قامشلی | کەمپی قوشتەپە | ١٧٢ | / | / | / | |
| | کۆی گشتی | | ١٦,٠٨٨ | ١١٠ | ٥٢٥ | ٨٦ | |

خشتەی (٢): ژمارەی قوتابیان و ماموستا و فەرمانبەران لە قوتابخانەی پەنابەران لە پارێزگای دهۆک

| ژمارە | ناوی قوتابخانە | شوێن | ژمارەی قوتابی | ژمارەی ماموستا | | | ژمارەی فەرمانبەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەزارەتی پەروەردە | | گرێبەستی UNICEF | | |
| | | | | میلاک | ماموستای گرێبەست | | | |
| ١ | کوردینی بنەڕەت | ئاکرێ - کەمپی ئاکرێ و دەرەوەی کەمپ | ٤٥١ | ٦ | ٧ | ٩ | / | |
| ٢ | ئامادەیی دێرک | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ٤٨٥ | ٧ | ٦ | ١٤ | ١ | |
| ٣ | ئامادەیی پەیام | سێمێل - دەرەوەی کەمپ | ٢٠٨ | ٢ | ٣ | ١٢ | ١ | |
| ٤ | قامشلۆی بنەڕەتی | سێمێل | ١٠٣ | ٩ | / | ٦ | / | |
| ٥ | ڕۆژئاڤای بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ و ٢ | ٥٩٤ | ٥ | ١٨ | ١٩ | ٣ | |
| ٦ | دێرینی بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ٥١٠ | ٣ | ١١ | ١٧ | ١ | |
| ٧ | وارستی بنەڕەتی | سێمێل - دەرەوەی کەمپ | ٧٨٢ | ١٦ | ١٢ | ١٨ | ٣ | |
| ٨ | ژڤانی بنەڕەتی | سێمێل - دەرەوەی کەمپ | ٦٢٠ | ٢ | ٨ | ٢٤ | ٢ | |
| ٩ | کوبانێ بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ١١٨٨ | ١ | ١٤ | ٣٠ | ٣ | |
| ١٠ | بناری بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ٥٨٦ | ٢ | ٤ | ١٢ | ٣ | |
| ١١ | عەفرینی بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ١٣٥٦ | ١ | ٢٢ | ٢٩ | ٢ | |
| ١٢ | ئاواتی بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ٨٥٩ | ٣ | ٤ | ٣٠ | ٥ | |
| ١٣ | نازداری بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ١٢٨٩ | ٣ | ٢٤ | ٣٠ | ٣ | |
| ١٤ | کاری بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ٦٢٨ | ١ | ٦ | ١٧ | ٢ | |
| ١٥ | ژیانی بنەڕەتی | سێمێل - کەمپی دومیز ١ | ١٠٣٧ | ١ | ١٤ | ٢٢ | ٣ | |
| ١٦ | ئامادەیی گەوێلان | بەردەڕەش - کەمپی گەوێلان | ٤٨٥ | ١ | ٥ | ٢٤ | / | |
| ١٧ | گەوێلانی بنەڕەتی | بەردەڕەش - کەمپی گەوێلان | ٧٩٠ | / | ٥ | ٣١ | / | |
| ١٨ | جگەرخوێن بنەڕەتی | بەردەڕەش | ٨٢٥ | / | ٤ | ٣١ | ٣ | |
| کۆی گشتی | | | ١٢,٧٩٦ | ٦٣ | ١٦٧ | ٣٧٥ | ٣٥ | |

خشتەی (٣): ژمارەی قوتابیان و مامۆستا و فەرمانبەران لە قوتابخانەی پەنابەران لە پارێزگای سلێمانی

| ژمارە | ناوی قوتابخانە | شوێن | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | | | ژمارەی فەرمانبەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەزارەتی پەروەردە | | گرێبەستی UNICEF | | |
| | | | | میلاک | مامۆستای گرێبەست | | | |
| ١ | کۆبانی بنەڕەتی | سلێمانی - پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٤١٧ | ٣ | ٥ | ٢٩ | ٤ | |
| ٢ | سەرێکانی بنەڕەتی | سلێمانی - پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٣٤٥ | ١ | ٨ | ١٥ | ٦ | |
| ٣ | هاوار بنەڕەتی | سەیدسادق | ١٠٠ | ١ | / | ١٢ | ٣ | |
| ٤ | عەفرینی بنەڕەتی | سلێمانی - پەروەردەی ڕۆژئاوا | ١٨٠ | ١ | / | ٢٠ | ٥ | |
| ٥ | ئامادەیی بەرخودان | سلێمانی- کەمپی عەربەت | ١٩٩ | ١ | ١٣ | / | ١ | |
| ٦ | مشتەنوری بنەڕەتی | پشدەر | ٩٧ | ٤ | / | ٨ | ٢ | |
| ٧ | عامودای بنەڕەتی | سلێمانی - پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ١٦٣٩ | ١ | ١٢ | ٦٢ | ١٥ | |
| ٨ | مام بنەڕەتی | ڕانیە | ١٨٢ | ١ | / | ٢١ | ٣ | |
| ٩ | گرێ سپی بنەڕەتی | سلێمانی - پەروەردەی ڕۆژئاوا | ١٥٥ | ٥ | / | ٢٤ | ٣ | |
| کۆی گشتی | | | ٣،٣١٤ | ١٨ | ٣٨ | ١٩١ | ٤٢ | |